سەرکۆزیرانی عێراق و هاوتا کوەیتیەکەی جەختیانکردەوە لەسەر بەهێزکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات

ئەمڕۆ یەکشەممە،بە بۆنەی سوێندخواردنی دەستووری حکومەتەکەی "محەممەد شیاع سودانی"سەرکۆزیران ،لە پێیوەندییەکی تەلەفۆنیدا،پیرۆزبایی لە هاوتا کوەتەکەی کرد،و جەختی لە قووڵایی پێیوەندییەکانی عێراق و کوەیت و گرنگی پتەوکردنی پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵات کردەوە .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە:- "محەممەد شیاع سودانی" سەرکۆزیران، بەبۆنەی سوێندخواردنی دەستوری و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ"شێخ ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد سەباح " سەرکۆزیرانی دەوڵەتی کوەیت ئەنجامدا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : "سودانی " سەرکۆزیران هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بە حکومەت و گەلی کوەیت خواست.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : سودانی هەر لەمیانی پێیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا ،جەختی لە بەهێزکردنی قووڵایی پێیوەندییەکانی عێراق و کوەیت، و گرنگی پتەوکردنی پێیوەندییە دووقۆییەکان لەنێوان هەردوو گەل و حکومەتی برا کردەوە .